ئایا ژمارەی پەرلەمانتاران بە 460 پەرلەمانتار بەرز دەبێتەوە... کەمسیۆن وەادەداتەوە

حەسەن قەبەس، ئەندامی تیمی میدیایی کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئەمڕۆ چوارشەممە دووپاتی کردەوە کە "ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئێستادا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە".

قەبەس لەلەدوانەکدا بە ڕۆژنامەی فەرمی و دواتر موتەبەع بەدواداچوونی بە کردووە، ڕوونی کردەوە کە: "کەمسیۆن بە دەستێکی جەبەجەکار دادەنرێت، نەک بە دەستێکی یاسادانان، بۆیە زیادکردنی ژمارەی نوێنەرەکان بە پشتبەستن بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان کە لە سەرژمێری گشتی ئاشکرای کردووە، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئێودا نییە".

بەگوێرەی دەستووری عێراق بە هەر 100 هەزار کەسێک کورسییەک تێرخانکراوە ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەگەر بەپێی ئەنجامی سەرژمێری نوێی ساڵی 2024 ئەم پێوەرە جەبەجێ بکرێت، ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بە 460 ئەندام بەرز دەبێتەوە، ئەمەش بە بەراورد بە ژمارەی ئێستای 329 ئەندام، کە لە خولەکانی پێشووی هەڵبژاردنەوە پەسند کراوە.